20838

ناوی کتێب : رێبازی لێکۆڵینەوە

نووسەر : عەلی مەحمود جوکل

تیراژ : ٥٠٠ دانە

چاپی یەکەم

هەولێر ـ ١٩٩٩

چاپ : چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر

ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی نیشتمانی هەرێمی کوردستان (٣٥٤) لە ١٩٩٩/١٢/٢٧.

Preview sample - page 1 of 4 - Soran University Academic Digital Library

سەرەتا

شاراوەنیە وولاتانی پێشکەوتوو کە لە هەموو بوارێکی ژیان پێشکەوتنیان دەستگیربووە، لە رێگەی رێبازی لێکۆڵینەوی زانستی بووە، پێشکەوتنەکەشیان لەوەدابووە کە پێشی میللەتانی دی بروایان بە توێژینەوەی زانستی هێناوە، واتە بڕوای تەواویان بە شێوازو هۆکارو بیرەو پڕۆگرامەکانی هەبووە، کە لە رێگەیەوە توانیتیان چارەسەری گیروگرفتەکانیان بکەن، هەر لەبەر ئەمەشە کە زانایان رێبازی لێکۆڵینەوە بە گیانی ژاری و شارستانیەت ناو دەبەن و لە وولاتانی پێشکەتووشدا بە سامانی نەتەوەیی دادەنێن و لە چوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەیی مامەلەی لەگەڵ دەکەن، جا بۆ میللەتێکی وەکوو ئێمە کە چەندین ساڵە خەبات دەکەین و شەهید دەدەین لە پێناو بەدەست هێنانی مافە رەواکانمان و ئێستاکەش کە ئەو ئەزموونە لە هەرێمی کوردستانی عێراق هاتۆتەکایەوە لە هەموو میللەتان زیاتر پێویستمان بە رێبازی لێکۆڵینەوە، تا بتوانین بە کاری لێکۆڵینەوەو توێژینەوە هەڵستین و چارەسەری گیروگرفتەکانمان بکەین و ئەو ئەزموونە بەرەو پێش ببەین، واتە کادیری پسپۆڕ دروست بکەین کە بتوانرێت کاری توێژینەوە ئەنجام بدات، بێ گومان کاری توێژینەوە وە یاخود لێکۆڵینەوە پێویستی بە باك گراوندێکی رۆشنبیری چاکە کە لەو بوارەی لێکۆڵینەوەی لێ ئەنجام دەدرێت، کەواتە مێللەتی ئێمە پێویستی بە دوو شتی سەرەکیە کە یەکیان پەرە پێدانی کاری رۆشنبیریە وئەوەیتریان شارەزابوونی تەواوە لە رێبازی لێکۆلینەوە تا بتوانرێت کادیر وپسپۆری وا هەلبکەوێت کە (تنظیر) تیور دارێژی بکات کەواتە ئامانجی بنەرەتیمان لە رێبازی لێکۆلینەوە زانستی ئەوەیە کە چۆن پێش بینی ئایندەمان دەکەین وچۆن بەرژەوەندی مرۆڤایەتی ومرۆڤی کورد بۆ نەتەوەکەمان دادەرێژین وخەباتی لە پێناو دەکەین

Preview sample - page 2 of 4 - Soran University Academic Digital Library

وئامانجەکانمان بپێکین وچۆن بوونی نەتەوەیی خۆمان لە چوارچێوە
کەلتوورو داب ونەریتی نەتەوایەتیمان دەپارێزین ولایەنە شاراوەکان
رابردوومان ئاشکرا دەکەین وئێستای خۆمانی پێ هەلدەسەنگێنین وپلان
پێشکەوتن بۆ ئایندەمان دادەڕێژین.

هەر بۆیەش بایەخدان بە کارو ڕێبازی لێکۆلینەوەی زانستی بە
ئەرکێکی نیشتمانیو نەتەوەیی دادەنرێت، چونکە ئیمرۆکە لە سەرتاپای
زەوی گرفتەکانی ژیان زۆر بوونە وژمارەی دانیشتوان لە زیادی دایە
وپێویستی بە خزمەتگوزاری زیاترەو، کە لە گەڵ کەمی کەرەسەی خاوە
پێویستە زەروورییەکانی ژیان ململانێ نێو دەولەتی وپەیوەندییەکان
ودژواری (تناقض) لە بەرژەوەندییەکانی هێنایە کایەوە، ئەمەش بە
بەرفراوانکردنی ئاوەدانی وئاسایشی نەتەوەیی وگۆڕانکارییەکانی
کۆمەلایەتی وجیاوازی لە جۆری ژاریو (حضارة) وبرواو داب ونەریت
وپەروەردەو .....هتد.

هەر بۆیەش ئەو نەتەوانەی کە بروایان بە ڕێبازی لێکۆلینەوەی
زانستی هەبوو شارەزای چاکیان لێپەیدا کردو بەکاریان هێنا گرەوی
پێشکەوتنیان بردەوە چونکە هەر لەم ڕێگەیەوە چارە سەریان بۆ
گیروگرفتەکانیان دۆزیتەوەو ڕێگەیان دۆزیتەوە کە چۆن پێویستیەکانی
زەروری بۆ خزمەتگوزاری ژیانیان بە دەست بهێنن و چۆن لە ململانێ
سەرکەوتووبن وئاسایش نەتەوەیی خۆیان بپارێزن.

کەواتە بە پەسند دەزانرێت کە بایەخ بە ڕێبازی لێکۆلینەوەی
زانستی بدرێت هەرچی نەبێت سەرەتایەك بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی
زۆربەی ئەو گیروگرفتانەی کە رووبەرووی میللەتەکەمان دەبێتەوەو بە
چەکی زانست وزانیاری ڕەفتار لە گەڵ دۆزی ئێستاو ئایندەی
میللەتەکەمان بکەین، چونکە ئێمە سەرەرای دەستکەوتە مەزنەکانمان کە

Preview sample - page 3 of 4 - Soran University Academic Digital Library

بەرلەمان وحکومەتی هەرێمە، بەلاّم رووبەرووی سەدان گیروگرفت هاتووینە، چی وەك مامەلە کردن لە گەلّ سیستەمی نوێی جیهانیو کێشەکانی نێو دەولەتی وململانێی نێوانیان وعەولەمەو بوونی نەتەویمان ودۆزی نەتەوەکەمان وململانێی نێو دەولەتەکانی هەرێم وسەرەڕای کێشە ناو خۆیەکان ودۆزینەوەی یاسای لە بار بۆ رێکخستنی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانمان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سیاسیو رۆحی ئیداری لە رەفتارکردنداو جێگیر کردنی سیستەمی دەزگایی (مؤسسات) وکۆمەلگای مەدەنیو چارەسەرکردنی کێشە ئابووریەکانی هەرێم ودابین کردنی پێویستیە زەروورییەکان وپاراستنی ئەو ئەزموونەو ئاوەدانکردنەوەی کوردستان وبنیادنانەوەی رەوشتی کوردەواری ومرۆڤی کوردو چارەسەرکردنی کێشە سایکۆلۆجیو پەروەردەییەکانی کۆمەلگاو سەرەرای خۆبە هێزکردن وسەدان گیروگرفتی دی کە رۆژانە رووبەرووی کۆمەلگایەکەمان دەبێتەوە کە هەموویان پێویستیان بە چارەسەرکردنەو چارەسەریشی لە رێگەی رێبازی لێکۆلینەوەی زانستی دەبێت.

هەر لەم رِوانگەوە وەك قەرزاربارِیەك هەولمان داوە لە دوو تووی ئەو کتێبە ئەمەی لە رێبازی لێکۆلینەوە پێویست و پێودانگە بخەینە بەردەستی خوێندەواری ئازیز تا سوودی لێ وەربگرن وخولیای کاری تۆژینەوەو لێکۆلینەوە بین ولە پێناو خزمەتکردنی میللەتە ستەمدیدەکەمان وهیوای ئایندەیکی بەختەوەر بۆ میللەتەکەمان بخوازین. داوای لێ بووردنیش دەکەم لە هەرکەم وکوریەك.

علی محمود جوکل

۸/۸ ۱۹۹۹

Preview sample - page 4 of 4 - Soran University Academic Digital Library